سەرکی تیمی پارێزەرانی لاهور شێخ جەنگی: نوسراوێکی کەیسی دادگاییکردنی ون بوە



بورهان رەشید گوتە، سەرکی تیمی پارێزەرانی لاهور شێخ جەنگی رایدگەیەنێت "نوسراوێکمان ڕەوانەی دادگای پێداچونەوەی هەرێم کردوە، بەڵام دوای مانگێک ئاسایشی سلێمانی پێیانوتوین کە نوسراوێکە ونبوە".

بورهان رەشید گوتە، سەرکی تیمی پارێزەرانی لاهور شێخ جەنگی لەڕ لێدوانێکدا وتی"بەپێی یاسا نابێت لە ئێستادا لاهور شێخ جەنگی و گیراوانی دیکەی لالەزار دادگایی بکرێن، چونکە ئەم نوسراوێکمان ڕەوانەی دادگای پێداچونەوەی هەرێم کردوە، بەڵام دوای مانگێک ئاسایشی سلێمانی پێیانوتوین کە نوسراوێکە ون بوە و ناچار نوسراوێکی دیکەمان ڕادەستی ئاسایش کردوە ".

لە درێژەی لێدوانێکیدا وتیشی "بەپێی یاسا، تاکو دادگای تەمیز وەڵامی نوسراوێکەی ئەمە نەداتەوە، ناتوانرێت دادگاییکردنی لاهور شێخ جەنگی و گیراوانی دیکەی لالەزار دەستپێبکات."

ئاماژەی بەوەشدا،" ناکرێت بەبێ ئاگاداری ئەمە دادگاییکردنی ئەو کەسانە ئەنجامبدرێت، ئێستاش

دەسپێکە تەنیا لەقەناغی لێکۆڵینەوە و کەکردنەوەی بەڵگەکانە."

ئەوەشی خستەڕو"داواکارین بەزوترین کات نوسراوەکەمان ئاراستەی دادگای پێداچونەوە بکرێت، بەڵام ئەوی تێبینیمان کردوە پرسەکە بە سستی بەڕێوەدەچێت ".

لێبارەی هەوڵەکان بۆ گواستنەوەی دەسپێکە بۆ دادگای هەولێر، بورهان رەشید گوتەی وتیەجارێ نازانرێت کە ئایا دادگای پێداچونەوە دەسپێکە دەگوازێتەوە بۆ دادگای هەولێر، یاخود دەبنەرێتەوە بۆ دادگای سلێمانی."